www.kurdistannet.org
1-3-2007 23:04 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## شەپۆلی چاوە شینەکانت. . . هۆنراوەی شالاو



کامیان شینترن لە کامیان. . . !
ئەو دەریایەی
لە پێشمدا ڕاوکشاوە
یاخود دەریای چاوەکانت؟
کامیان شینترن لە کامیان
ئەوئاسمانەی لەسەر سەرم ڕاوەستاوە
یاخود تیشکی چاوەکانت. . . !
ئەمشەو حەزم لەمەلەیە
لە کام دەریا مەلەی بکەم. . . ؟
لەو دەریایە پرگێژاوەی
وا شێتانە شەپۆڵ داوێ
هەرچی کەشتی وکەشتیەوانە
لەبەندەردا ڕایدەماڵێ
یاخود تیشکی چاوەکانت
شینەو قووڵەو دەتریسکێنێ
دەریا هەرچەندە قووڵیش بێ
لە ناوی بێ دەیخنکێنێ
ئەتۆ ئەی چاو دەریای بێ بن. . !
من دڵنیام،
دەریای چاوی تۆ خۆشترە
چاوەکانت دەریایەکن
گەلێک هێمن. . .
نە گێژاوی لوولم دەدا
نە گەردەلوولیشی دەمبا
ئاخۆ مەلە لەچاوی تۆ
چ کارێکم بەسەر دێنێ. . . ؟؟؟
من ئامادەم. . !
بێجگە لە دەریای چاوی تۆ
هیچ دەریایەک نەمخنکێنێ. . .

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.